ئەی خەڵکینە لە ماڵەکانتان نوێژ بکەن؛ باشترین نوێژی پیاو لە ماڵەکەیدایە مەگەر نوێژی فەرز نەبێت

لە زەیدی کوڕی سابتەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم ژوورێکی بۆ خۆی تایبەتکرد لە ناو مزگەوتدا کە لە لقە سەوزەکانی دارخورما دروستکرا بوو، لەوێدا چەند شەوێک نوێژی کرد هەتا خەڵکی کۆبوونەوە ئەوانیش شەونوێژیان ئەنجامدەدا، وپاشان شەوێکیان دەنگیان نەبیست وایان زانی خەوتووە، بۆیە هەندێکیان بە دەمیان هەندێک دەنگیان دەرکرد وەکو کۆکە کردن بۆ ئەوەی ئاگاداری بکەنەوە وبزانێت ئەوان لێرەن وبێتە دەرەوە، پاشان -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «ئێوە هەر ئەوەتان ئەنجامدەدا هەتاوەکو من ترسام کە ئەم نوێژکردنە فەرز بکرێت لەسەرتان، وئەگەر فەرز بکرێت لەسەرتان؛ ئەوا ئەنجامی نادەن، ئەی خەڵکینە لە ماڵەکانتان نوێژ بکەن؛ باشترین نوێژی پیاو لە ماڵەکەیدایە مەگەر نوێژی فەرز نەبێت».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ئەم فەرموودە ئەوە ڕوونەدەکاتەوە کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ژوورێکی هەبوو کە لە لقە سەوزەکانی دارخورما دروستکرا بوو لە ناو مزگەوتدا، ولە ناو ئەو ژوورەدا ئیعتیکافی دەکرد بۆیە هەندێک لە هاوەڵان دەیانبیست ودەهاتن لە پشتیەوە نوێژیان دەکرد، بەڵام پاش چەند شەوێک دەنگیان نەبیست وپێیان وابوو کە خەوتووە، وهەندێک دەنگیان دەرکرد وەکو کۆکە کردن بۆ ئەوەی بە خەبەری بکەنەوە وئاگادار بێت کە ئەوان ئامادەن، ودەرچوو بۆ لایان -صلى الله عليه وسلم-، وبۆی ڕوونکردنەوە کە ئەو نەخەوتووە بەڵکو ترسا لەوەی کە ئەم شەونوێژە فەرز بکرێت لەسەریان، وڕوونی کردەوە ئەگەر فەرز بکرێت ئەوا ناتوانن ئەنجامی بدەن، وهەروەها باسی ئەوەیشی کرد کە باشتر وایە نوێژی سونەت (نافیلە) لە ماڵەوە ئەنجامبدرێت.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/11292